# به پێی ژمارەکان بێت کوردستان وڵاتێکی بیَ ژێرخانه

**محەمەدی مشیر**

دەرەنجامی جێبەجێکردنی مەرج و ڕێنماییەکانی سەندوقی نەختی نێودەوڵەتی لە لایەن حکومەتی فیدڕاڵی عێراقەوە، کۆمەڵیَ ئاستەنگ و کێشەی ئابووری دێنە ئاراوەو سەرەنجام تادیَ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ چین و توێژگەلێکی فراوانتری جەماوەری عێراق پەراوێز دەکرێن و لە خزمەتگوزارییە پێویستەکانی ژیان بێبەشدەکرێن.بێبەشبوونی ئەوان، وێڕای بارودۆخی وێرانی ئاسایش و نەبوونی ئارامی لە ئەنجامی تەشەنەکردنی خێرای شەڕی تایفەگەری و کاری تیرۆریستانە، بەشێکی هەرە گرنگی دیکەی دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەرییەکانی سەندوقی ناوبراو لەسەر سیاسەتی ئابووری حکومەتی عێراق و، دەرەنجام پشتیوانی نەکردنی ئەو کەرتە خزمەتگوزارییە گشتییانە لە لایەن خودی حکومەتی فیدڕاڵەوە و کەمکردنەوە یان تەرخان نەکردنی بڕی پارەی پێویست لە بودجەی ساڵانەی دەوڵەت بۆ ئەم مەبەستە.

هەڵبەتە کوردستانیش ڕاستەوخۆ بیَ یا ناڕاستەوخۆ لە سایەی ئەو سیاسەتانەی حکومەتی فیدڕاڵ لە ناوەندا پڕوشکی ئەو ئاگرەی بەردەکەویَ و دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو پێشهاتە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی لە ماوەیەکی کورتی داهاتوودا ئاکارەکانیان ڕوونترو وردتر بە دیاردەکەویَ.سەرباری ئەمەش ئەگەر ئێمە بە زمانی ژمارە قسەبکەین و لەوێوە دۆخی ئابووری کوردستان بخەینە بەرباس و شیکردنەوە ئەوا تێدەگەین کە ئێمە وەك وڵاتێکی تازە ئەزموون لە بەردەم چ کارەساتێکی ئابووریدا لەنگەردەگرین. بە پێی ڕاگەیاندنە فەرمییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت ڕێژەی 60٪ ی بودجەی هەرێم بۆ مووچەی فەرمانبەران و کارمەندانی میری تەرخانکراوە لە کۆی ئەو 17٪ ی کە پشکی بودجەی گشتی هەرێمە لە بودجەی گشتی عێراقی فیدڕاڵدا، کەواتە تەنها 40٪ ی بودجەی هەرێم دەمێنێتەوە بۆ تێکڕای کەرتە گرنگەکانی ئابووری هەرێم.

وەك راگەیەنرا بودجەی ساڵی 2007 ی عێراقی فیدراڵ تەنها بڕی 41 ملیار دۆلارە، لەمەشدا 17٪ پشكی بودجەی ئەمساڵی هەرێمی كوردستان پێكدەهێنێت كە دەكاتە بڕی(6.970.000.000) ملیار دۆلار، واتە تەنها شەش ملیار و نۆسەد و حەفتا ملیون دۆلار بودجەی هەرێمی كوردستانە بۆ ساڵی 2007.لە 60٪ی ئەم بودجەیە كە دەكاتە بڕی (4.182.000.000)ملیار دۆلار، واتە چوار ملیار و سەدو هەشتاو دوو ملیۆن دۆلار تەنها بۆ مووچە تەرخانكراوەو، لە 40٪ یشی بۆ تێكڕای بوار و كەرتە زیندووەكانی ئابووری كوردستان دەمێنێتەوە كە دەكاتە بڕی(2.788.000.000)ملیار دۆلار، واتە تەنها دوو ملیار و حەفت سەدو هەشتاوهەشت ملیۆن دۆلار بەشی سەرجەم كەرتە ئابوورییەكانی كوردستانە.ئالێرەوە ژمارەكان بێشەرمانە بۆ خۆیان دەدوێن و ڕاستی دۆخی ئابووری كوردستان روونتر دەكەوێتە بەرچاوان، بۆیە پێویستە بپرسین ئاخۆ چەند كەرتی ژێرخانی ئابووری وێرانبووی كوردستان بە تەنها دوو ملیارو حەفت سەدو هەشتاوهەشت ملیۆن دۆلار ئاوەدان دەكرێتەوە لە ماوەی ساڵێكدا؟

ئایا ئابووری هەرێمی كوردستان بە پێی ئەو ڕێژەو ژمارانە سروشتێكی بەرهەمهێنی هەیە یان بەكاربەر؟ ئایا لایەنە پەیوەندیدارەكانی هەرێم چۆن و بە چ میكانیزمێك دەتوانن ئەم سروشتە پێچەوانە بكەنەوەو ئابووری كوردستان لە بەكاربەرەوە بكەنە بەرهەمهێن؟.

ئەمانە و دەیان پرسیاری چارەنووسسازی دیكە لە بەر ڕۆشنایی ئەو ژمارانەدا خۆیان ئاشكرا دەكەن و بە دوای وەڵام و ڕێگاچارەدا وێڵن. هیچ گومان لەوەدا نییە كە كوردستانێكی بە درێژایی مێژوو وێرانكراو پێویستی بە بودجەیەكی گەلێ لەمە گەورەترە تا بكرێ تێكڕای ژێرخانە ئابوورییەكەی ئاوەدان بكرێتەوە، بەڵام لەم دۆخەی ئێستاشیدا بەو جۆرە بودجەیەی كە ڕێژەی 60٪ ی تەنها دەبێتە مووچە و هیچ پرۆژەیەكی ئابووری بەرهەمهێنی پێ ئەنجام نادرێ زۆر ئاستەمە ئاوەدان بكرێتەوەو گەشە بە خۆیەوە ببینێ. كەواتە یەكێ لەو هۆكارانەی وایان لە ئابووری كوردستان كردووە كە بەرهەمهێن نەبێت خودی ئەو سیاسەتە ئابووریی و داراییە بێ پلانەیە كە ئەمڕۆكە لە كوردستاندا پیادە دەكرێ و پتر متمانە دەكاتە سەر كەرتی بازرگانی.ئەم ئاستەنگە ئابوورییەش لە بنەڕەتدا هۆكاری سیاسی لە پشت بووە بۆیە بەم ڕۆژە

گەیشتووە. ڕەنگە دیارترین سیمای ئەم هۆکارە سیاسیەش کێبڕکێی نادروستی سیاسی بووبێت لە نێوان حزبە دەسەڵاتدارەکانی ئەمڕۆی کوردستان کە دەرەنجامی ئەمە بەبێ پلان و ڕەمەکیانە خەڵکێکی زۆری بەکاربەر و مشەخۆر لە دامودەزگاحزبی و حکومییەکاندا دامەزرێنران و لە پرۆسەی ئابووریدا هیچ بەرهەمێکیان نییە. کەواتە بۆ دەربازبوون لەم ئاستەنگەو زیندووکردنەوەی ژێرخانی ئابووری و باشترکردنی باری بژێوی جەماوەری کوردستان، سەرەتا پێویستە دەسەڵاتدارانی کوردستان، جگە لە کەرتی بازرگانی، لە پلانی ئابووریدا متمانە بکەنە سەر کەرتە بنەڕەتییەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بەر لە هەموو شتێکیش ڕێژەی 60٪ی بودجەکەی هەرێم چارەسەربکەن. بۆ ئەمەش پێویستە چاوێك بە لیستی ئەو کارمەند و فەرمانبەرانەدا بخشێننەوە کە لە سەر بنەمای حزبی وەکو فەرمانبەر لە دەزگا حزبییەکاندا مووچەیان بۆ بڕاوەتەوە و لە سەر حیسابی بودجەی هەرێم، کە موڵکی هەموو خەڵکی کوردستانە، مووچە وەردەگرن ئەمە لە لایەکیان، لە لایەکی دیکەدا پێویستە ئەوان لە بودجەی تایبەتی حزبەکانیان مووچە بۆ ئەو کەسانە دابین بکەن نەك لە سەر حیسابی بودجەی هەرێم و لەمەشدا ئازادن و مافی حزبایەتی خۆیانە، بەڵام ناکرێ لە بەر خاتری توێژێکی حزبی تێکڕای خەڵکی ناحزبی کوردستان بکرێتە قوربانی و بەشی هەرە زۆری بودجەکەی تەنها بۆ مووچە تەرخانبکرێت لە کاتێکدا کە ئابووری کوردستان لەوپەڕی پێویستیەتی بەم بودجەیەو مەحاڵە بەم شێوەیەی ئێستا ژێرخانە ئابووریەکەی ئاوەدان و نوژەن بکرێتەوە.

گواستنەوەی ئابووری لە دۆخی بەکاربەرەوە بۆ دۆخی بەرهەمهێن و پەرەدان بە پرۆژەی ئابووری بەرهەمهێن ئەرکێکی هەرە لە پێش و پێویستی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و باشترین ڕێگاچارەیە بۆ بنبڕکردنی بێکاری دەمامکدار(بطالة مقنعة) و کۆڵەگەیەکی بەهێزو بنچینەییشە بۆ سەربەخۆیی سیاسی ئەمڕۆ و ئایندەی کوردستان.

هەر ولاتێك ئابووریەکی بەرهەمهێنی نەبێت بەو مانایە دێت کە ژێرخانی ئابووری نییە کە ئەمەشیانی نەبوو خودان بڕیاری سیاسی سەربەخۆش نابێت و هەمیشە دەکەوێتە ژێرکاریگەری سیاسەتەکانی ئەملاو ئەولاو تەنانەت بچوکترین کێشەی ئابووریشی لە ولاتەکەی خۆیدا بۆ چارەسەرناکرێ و بە پاشکۆیەتی دەمێنێتەوە. ڕاستی ئەم

بۆچوونەش  چارەسەر نەبوون و درێژەکێشانی خودی قەیرانی سووتەمەنی و کارەبا دەیسەلمێنی چونکە هەر جارەو دەکەوینە ژێرکاریگەری لایەنێك لە لایەنەکان و بە ئارەزووی خۆیان ئەمبەرو ئەوبەرمان پێدەکەن و ئێستاکەش نەمانتوانیوە چارەسەرێکی ریشەیی ئەم کێشەیە بکەین و تا ئاواش بمێنینەوە بۆمان چارەسەر ناکرێ.

لە لایەکی دیکەدا و پەیوەست بە چارەسەرکردنی رێژەی 60٪ ی بودجەی هەرێمی کوردستان، وەك لەم دواییەدا حکومەتی هەرێم پێی هەڵستاوە، ناونووس کردنی ئەو رێژە زیادەی فەرمانبەرانی هەرێم بووە کە گوایە دەگاتە نزیکەی 900 هەزار فەرمانبەرو، وەك هەنگاوی یەکەم دەخرێنە سەر میلاکی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و دواتریش دیار نییە چۆن و بە چ ئالییەتێك  کێشەکە چارەسەردەکرێت. هەڵبەتە ئەمەش هەر پەیوەستە بە سیاسەتەکانی سەندوقی نەختی نێودەوڵەتی و چارەسەرکردنی کێشەیەکی ئاوا گەورە پێویستی بە بەرنامەرێژی و کاتێکی زۆر هەیە تا یەکلابکرێتەوە. لە شکرێکی بێبەرهەمی 900 هەزار کەسی لە هەر وڵاتێکدا هەبێت کە لە لایەن حکومەتەوە مووچەی بدرێتێ، بەو مانایە دێ کە بەشێکی هەرە گرنگی بودجەی هەرێم بۆ بێکاری دەمامکدار خەرج دەکرێ و بەمەش بودجەکە بەو برە پارەیەی کە دەمێنێتەوە ناتوانێ پرۆژەی بەرهەمهێن بکاتەوە و گەشە بە کەرتە بنەڕەتییەکانی ئابووری بدات، گەر بشیەوێ کارێکی ئاوا ئەنجام بدا ئەوا پێویستە دەستی لە کەرتە خزمەتگوزارییە گشتییەکان بکێشێتەوەو پاڵپشتیان نەکات بەمەش جەماوەرێکی فراوانی کوردستان لە کۆمەڵێ خزمەتگوزاری گشتی بێبەشدەبێ و کێشەکە کێشەی دیکەی بە دوادادێت.کەواتە لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو دەرەنجامە کەتەنها و تەنها پرۆژەی ئابووری بەرهەمهێن، بە تایبەتیش لە هەردوو کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازیدا، دەتوانێت چارەسەری ریشەیی قەیرانە ئابوورییەکانی کوردستان بکاو دەرفەتی کاری تازە بۆ ئەو رێژە زیادەی فەرمانبەران بڕەخسێنێ و ئاسۆیەکی گەشیش بۆ ئەو دەستی کارانە فەراهەم بکات کە ساڵانە لە بوارەکانی خوێندندا روو لە بازاڕەکانی کارو دامەزراوەکانی دەوڵەت دەکەن.